# OOP

ئامادەکردنی : محمد فایەق کاکە

زانکۆی گەرمیان - زانستی کۆمپیوتەر

2016-2017

# پێشەکی

## بەناوی خودایی گەورە و دلۆڤان

ئەم بابەتە پێشکەشە بە هەموو ئەو فێرخوازانەی کە ئارەزووی فێربوونی زمانەکانی کۆمپیوتەریان هەیە .


## ئامادەکردنی : محمد فایەق کاکە

زانکۆی گەرمیان –زانستی کۆمپیوتەر

ئەم بابەتە بابەتێکی هەرە گرنگی زمانی جافایە کە پێکدێت لە کۆمەڵێ بابەتی گرنگ کە پێویستە لەسەر فێرخوازانی زمانەکە بیزانن , پشت بەخوای گەورە لەم کتێبە بچووکەدا باسی تەواوی بابەتەکانی دەکەین .

بابەتەکان پێکدێت لە :

Inheritance-1

Overriding-2

Polymorphism-3

Abstraction-4

Encapsulation-5

Interface-6

Packages-7

**پێش باسکردنی ئەو بابەتانەی پەڕەی پێشووتر لەسەرەتادا باسی کۆمەڵێ بابەتی تر دەکەین کە زۆر پێویستە لەسەرەتادا باس بکرێت ..**

**وەکو** .....

1- کلاّس

2-میسۆد

3-جۆرەکانی کلاّس

4-ئۆبجێکت

5-جۆرەکانی مۆدیفایەر

6-سترینگ

7-کاراکتەر کلاّس

8-فارێبلّ و جۆرەکانی فارێبلّ

# کلاس

**کلاس بریتیه لە کۆمەڵێ ئۆبجێکت objectکە خاوەنی هەندێك تایبە تمەندی بەخۆیەتی, دەتوانین بڵێن کلاس بنچینەی ئۆبجێکتە.**

1-کلاس ناوکی جافایە هەمووشتێك لەژێردەسەلاتی کلاس دایە.

2-کلاس وەسفی هەردوو پێکهاتەی ئۆبجێکت دەکات کەلە State و Behavior پێکدێت.

کلاس پێکدێت لە :

1-داتا

2-میسۆد

3-کۆنسترەکتەر

4-بلۆك

5-ئینتەرفەیس

**یاسای ڕاگەیاندنی کلاس لە جافادا :**

```
Class ناوی کلاس   {
        Data;
      Method;
          }
class student{
public static void main(String[]args){
  System.out.println("hello Wold");
  }}
```

1–دەبێ کلاس و فایلی پرۆگرامەکە هەمان ناویان هەبێ.

2–ئەگەر دووکلاس مان هەبووئەگەر بمانەوێ لەناو یەك فایل خەزنی بکەین هەمیشە دەبێ یەکێك لەکلاسەکان public بێ فایلەکەش هەمان ناوی ئەو کلاسە دەبێ.

3-ئەگەر هەردوو کلاەکەمان public نەبوو فایلەکەمان بەناوی ئەو کلاسە دەبێت کە main()method ی تێدایە .

```
class  student 1{
      }
class student 2 {
public static void main(String[]args) {
      }
```

## بانگکردنی کلاس

ئەگەر دوو کلاس مان هەبوو بمانەوێ بانگی میسوٚدێك یان فارێبلێك بکەین لەکلاسەکەی تردالە سەرەتا دا ناوی کلاسەکە دواتر (.) دواتر ناوی میسوٚد یان فارێبلەکە ,

واباشترە کە میسوٚد و فارێبلە بانگکراوەکە

public و static بێ .

**بەم شێوەیە** ⬅ **; (ئارگویمێنت) ناوی میسوٚد . ناوی کلاسی بانگکراو**

```java
public static void main(String[]args){
 int result=aa.sum(2,4 );
 System.out.println(result);
    }
   class aa{
public static int sum(int m,int d){
   int b=m+d;
    return b;
    }}
```

**; ناوی فاریێلی بانگکراو . ناوی کلاسی بانگکراو**

ئەم یاسایەی سەرەوە بەکاردیٚ بۆبەکارهێنانی فاریێبلێکی

دیاری کراو لەناو کلاسێکی تردا .

# ئۆبجێکت

هەر شتێك لە دوونیادا بوونی هەبێ و خاوەنی کۆمەڵێ

تایبەتمەندی وکرداری تایبەت بەخۆی بێت پێیدەوترێ

ئۆبجێکت (object) .

1–هەموو ئۆبجێکتێك (state and behavior)هەیە

2–ئۆبجێکت لە سێ کاراکتەر پێکدێت.

(state ,behavior,identity)

بۆ نموونە سەیارەیەك ئۆبجێکتە

| state | behavior |
|---|---|
| مۆدیل | وەستان |
| ڕەنگ | گواستنەوە |
| جۆر | |

Behavior-1 ← وەکو میسۆد بەکاردێ

State-2 ← وەکو فاریێبڵ بەکاردێ




```
Class Car{
String color;
Public static void drive(){
}}
```

# دروستكردنى ئۆبجيكت

بەسیٚ هەنگاو ئۆبجێکت دروست دەکرێت.

1. Declarationناساندنی فارێبلێك لەگەڵ ناوی فارێبلەکە.

2. Instantiationبەکارهێنانی کیوٚردی new

نموونە ← ناوی کلاس objناوی = new ناوی کلاس( ) ;

3. Initializationبەکارهێنانی کیوٚردی new وەپێدانی نرخ.

نموونە ← ناوی کلاس obj ناوی = new ناوی کلاس(2);

تێبینی //جۆری سێیەم زیاتر لەگەڵ کۆنستراکتەر بەکاردیٚ .

# ڕێگاکانی دروستکرنی ئۆبجێکت

1-By new keyword.

2-By new instance()method.

3-By clone ()method.

4-By factory method.

ڕێگای یەکەم بۆدروستکردنی ئۆبجێکت باشترینە و ئاسانیشە.

لە هەرە سوودەکانی ئۆبجێکت ئەوەیە بۆبانگکرنی میسۆد و فارێبل بەکاردیٚ.

# ئۆبجێكت Annonymous

anonymous بەزمانێكی سادە واتە بێ ناو ئەجۆرە ئۆبجێكتە هیچ نیشاندانێكی نیە یان هیچ سەرچاوەیەكی نیە.

ئەگەربمانەوێ یەك جار ئۆبجێكت بەكاربهێنین ئە ئۆبجێكتە باشترینە

بە شێوەی دروستدەكرێ ⟵ new ناوی كلاس;

ئەگەر بانگی میسۆدێك بكەین ⟵ new ناوی كلاس . ناوی میسۆد ( );

```
class  student {
    void fact (int n) {
        int fact=1;
        for(int i=1;i<n;i++) {
            fact *=I;
        }
System.out.println("factorial"+fact);
Public static void main(String[]args){
    new student().fact(5);
}}
```

# چەند ئۆبجێکتیك لەیەك کاتدا

دەتوانین لەیەك کاتدا چەند ئۆبجێکتێك دروست بکەین بەناوی جیاواز

کەپێی دەوترێ Multiple object.

```
class student {
  int length;
  int width;
  void insert(int l,int w) {
  length=l;
  width=w;  }
  void area() {
   system.out.println(length*width); }
  public static void main(String[]args){
   student r1=new student();
   student r2=new student();
   r1.insert(11,5);
   r1.area();
   }}
```

output

55

# میسۆد

میسۆد لە جافادا لەکۆمەڵێ statement یان کۆمەڵێ کۆد

بۆ ئەنجام دانی کرداریك پێکەوە کاتێك تۆ بانگی سیستەم

دەکەین ;()system.out.println.

- میسۆد لەجافادا وەسفی پێکهاتەیbehaviorدەکات لەobject دا

واتە دەتوانین behavior بەکاربهێنین بۆدرووستکردنی میسۆد

## یاسایی درووستکردنی میسۆد بەگشتی

```
Modifier return type name of method(parameter list)
    { //body method
    }
```

modifier ⟸ بریتیە لە کۆمەڵێ کۆد کەچەندین تایبەتمەندی ئەبەخشێ بە میسۆدەکە

Return type ⟸ جۆری گەڕانەوەی ئەنجامی میسۆدەکە.

Name of method → ناوی میسۆدەکە

Parameter list → وەرگرتنی نرخی نێردراو

Body method → { } نوسینی کۆدەکان لەنێوان

نموونە → Public static int sum(int a,int b) {

```
Public static int sum(int a,int b) {
        //Body method
            Return;   }
```

Public ,static → modifier

int → return type

Sum → name of method

a,b → parameter

int a,int b → parameter list

{ } → body method

return → return value

# کۆمەڵێ تێبینی لەسەر میسۆد

- مەرج نییە هەمووکات return type لەگەڵ list parameter هەمان data typeهەبێ بۆ نموونە هەردووکیان int بن.

نموونە ⟸ Public static int sum (int a,double b) {

```
return ;    }
```

- جۆری return type کەوتوەتە سەر ئەنجامی میسۆدەکە واتە ئەگر ئەنجام پۆینتی لەگەڵ بوو دبێ double بێ.

- ناوی میسۆد هەمیشە بە پیتی سمۆل دەستپێدەکات.

# شێوازەکانی نووسینی میسۆد

```
1-public static void sum() { }
2-public static void sum(parameter list) { }
3-public static int sum(parameter list) { return ; }
```

ئەکرێ جۆرێکی تری return type بێ

# جیاوازی نێوان void و return type

- لە void دا ئەنجامی میسۆدەکە دەگەڕێتەوە بەڵام ناتوانین بەکاری بهێنینەوە دووبارە ← ✗ ; ژمارەیەك + ئەنجامی میسۆد
- لە return type کاندا ئەنجامی میسۆدەکە دەگەڕێتەوە ودەتوانین دووبارە بەکاری بهێنینەوە ← ; ژمارەیەك + ئەنجامی میسۆد

```
public class mu {

public static void main(String[]args)  {

int operation = sum(2,4);

int result = operation +4;    ← بەکارهێنانەوە

system.out.println(result);

  }

Public static int sum(int a,int b) {

 int A = a+b;

 return A;

  }
```

output

10

# بانگكردن له‌ میسۆدا

ده‌توانین له‌ناو جافادا بانگی میسۆد بكه‌ین جا له‌ ناو هه‌مان كلاَسدا بێت

یان له‌ناو كلاسێكی دیكه‌دا بێت .

## دوو جۆر بانگكردنمان هه‌یه‌ :

1ـ میسۆد به‌گه‌ڕانه‌وه‌ی نرخی میسۆد ودووباره‌ به‌كارهێنانه‌وه‌ی .

ناوی میسۆده‌كه‌ له‌ناوsysده‌نوسرێت و له‌ناو main methodدا

یان ده‌توانین ناوی میسۆده‌ بانگكراوه‌كه‌ له‌ناو فاریێبل دابنێین دواتر ناوی

فاریێبڵه‌كه‌ له‌ناو سیسته‌مه‌كه‌ ئه‌نووسین,ئه‌م میسۆده‌ return typeهه‌یه‌.

نموونه‌ ⟵ int result = ناوی میسۆد ( نرخ )

System.out.println(result);

2-میسۆد به‌گه‌ڕانه‌وه‌ی نرخ به‌لاَم ناتوانین دووباره‌ به‌كاری بهێنینه‌وه‌.

ئه‌م میسۆده‌ كیۆردی void له‌گه‌ڵ نرخی میسۆده‌كه‌ ده‌گه‌ڕێته‌وه‌ به‌لاَم

ناتوانین جارێكی تر به‌كاری بهێنینه‌وه‌,ده‌بێ سیسته‌مه‌كه‌ له‌ناو میسۆده‌

بانگكراوه‌كه‌ بنووسین به‌لاَم ناوی میسۆد هه‌مووكات له‌ناو main method

ده‌نووسرێت .

نموونه‌ ⟵

```
Public static void sum(int a,int b) {
Int result = a+b;
}
```

## جیاوازی نێوان Argument و parameter list

Argument-1 بریتیە لەونرخی کەبۆ میسۆدی بانگکراو دەنێردرێت,

parameter list-2 ئەرکی وەرگرتنی نرخەکەیەو لەکاتی بانگکردنی میسۆدەکەدا درووست دەکرێت.

```
public class student  {
    public static void main(String[]args) {
        sum(2,6) ;
   } // argument      parameterlist
public static void sum(int a,int b){
      int  f= a+b;
        }}
```

## دوو جۆری سەرەکی میسۆد

دوو جۆری سەرەکی میسۆد هەیە:

static method-1واتە کیوۆردیstatic لەگەڵە.

non-static method-2 واتە کیوۆردیstatic لەگەڵ نییە.

# Modifier مۆدیفایەرەکان

مۆدیفایەرەکان بریتین لە کۆمەڵێ وشە کەدەچنە سەر میسوٚد و فارێبل و کلاسەکان چەندین تایبەتمەندیان پێدەبەخشن.

## دوو جۆر مۆدیفایەر هەیە

1-Java Access Modifier

2-Non Access Modifier

---

## چوار جۆر وشە (کیوٚرد)مان هەیە لە access modifier

1-Default (no keyword)

2-Private

3-Public

4-Protected

# کیۆردی Default

بریتیە لەو کیۆردەی لەناوئەوکلاّسی پاکجێك دا هەی بەلاّم بەهیچ شێوەیەك دەرناکەوێ واتە:ئەگەر کلاّس یان میسۆدمان بینی هیچ کیۆردێکی لەگەڵ نەبوو ئەوا کیۆردی Default بەکارهاتووە بەلاّم دەرنەکەوتووە.

```
String version="student";
  boolean  processor() {
   return true;
    }
```

کیۆرد بەکارنەهاتووە

# کیۆردی Private

ئەم کیۆردە تەنها لەناو کلاّس دا هەیە و لەگەڵ میسۆد وفارێبل وکۆنستراکتەردا بەکاردێت .

ئەم کیۆردە بڕواتەسەر میسۆد یان فارێبلێك لەناو کلاّسێك دا ناتوانین جاریکی تر ئەم میسۆد وفارێبلە بەکاربهێنینەوە لە کلاّسێکی تردا.

نموونەکەی لەپەڕەکەی دیکەیە

class a { ← private نموونەیەك لەسەر كیوۆردی

```
private int data = 20 ;
private void msg () {
System.out.println("hello java");
 } }
 public class b {
Public static void main(String[]args) {
   a  opj = new  a;
System.out.println(obj.data);
obj.msg();
  } }
```

Output

Compile error

Output ئیرۆر دەبێ چونكە بانگی میسۆدێك و فارێبلێكمان كردووە

بۆناو كلاسێكی دیكە كە كیوۆردی private بەكارهێناوە.

# کیۆردی public

ئەم کیۆردە دەچێتە سەر (کلاّس,میسوٚد,فارێبلٚ,ئینتەرفەیس) .

ئەم کیۆردە مانای گشتی دەدات واتە لەهەر کویٚ پیٚویستمان بەم کلاّس و فارێبلٚ و میسوٚدە هەبوو دەتوانی بەکاری بهێنیت لە هەرکوی بتەوێت.

```
class a {
public int data =33;
 public void msg() {
System.out.println("java");
  } }
public class mu {
Public static void main(String[] args) {
 a  obj = new  a( );
System.out.println(obj.data);
 obj . msg();
  } }
```

Output

| |
|---|
| 33 |
| java |

لەبەر ئەوەی کیۆردی public بەکارهاتووە لەگەڵ میسوٚد و فارێبڵەکەدا دەتوانین لەهەرکویٚ بمانەویٚ بەکاری بهێنین.

# کیوۆردی protected

ئەم کیوۆردە لەگەڵ فاریێبل ومیسوٚد وکوٚنستراکتەردابەکاردیٚت لەناوsuperclass یان subclassەکە لەناو پاکیٚجیٚك دا یان لەناو کلاٚسیٚکدا لەناو پاکیٚجیٚك دا.

- Superclassدواتر لەبابەتی inheritance دا باسی دەکەین.
- لەرِیٚگەی ئەم کیوٚردەوە دەتوانین ئەو میسوٚد وفاریێبلاٚنەی کەوا لەناو superclass دان بتوانین لە subclass دابەکاریان بیٚنین.
- ئەم کیوٚردە لەگەڵ کیوٚردی class و interface دا بەکارنایەت تەنانەت لەگەڵ ئەومیسوٚد وفاریێبلاٚنەش کەدەکەونە ناو interface.

```
public class a {
Protected int data=14;
  }
class b extends a {
 Public static void main(String[]args) {
    b  obj = new b();
   System.out.println(b.data);
    } }
```

Super class

subclass

output

14

# Non Access مۆدیفایەری

ئەم جۆرە مۆدیفایەرە لە چەند کیۆردێك پێكدێت :

1-static modifier

2-final modifier

3-abstract modifier

4-synchronized and volatile modifier

تێبینی// ئێمە لێرەدا باسی کیۆردی synchronized وvolatile ناکەین

چونکە لە OOP دا بەکارنایەت.

محمد فایەق کاکە

زانکۆی گەرمیان – زانستی کۆمپیوتەر

# کیۆردی Static

ئەم کیۆردە بەکاردێ لەگەڵ میسوّد وفاریێبڵ وبلوّك ونیێستدکلاٌس.

## فاریێبڵی static

کیۆردی static لەسەر فاریێبڵ وا دەکات میموّری پروّگرامەکەی توّچالاك تربێت.

فاریێبڵی static یەکجار شوێن دیاری دەکات لەناو میموّری.

فاریێبڵی static دەتوانین ڕاستەوخوّ بانگی بکەین بەبێ دروستکردنی ئوبجێکت.

فاریێبڵی static زوّر زیاتر ڕێکخراوترە.

```
class mu {
 int count = 0 ;
 mu ( ) {
  count++;
 System.out.println(count);   }
 public static void main(String[]args) {
 mu  obj = new mu();
 mu  obj = new mu();
 mu  obj = new mu();
 } }
```

static بەکارنەهاتووە

| output (بەبێ static) | output (لەگەڵ static) |
|---|---|
| 1 | 1 |
| 1 | 2 |
| 1 | 3 |

# میسۆدی static

میسۆدی static واتە ئەو میسۆدەی  کیوۆردی static بەکارهێناوە.

میسۆدی static بۆبانگکردنی پێویستی بەدروستکردنی ئۆبجێکت ناکات.

ئەگەر میسۆدەکەمان static بوو دەبێ فارێبڵەکان ناوی static بی.

لە میسۆدیstatic دا دەتوانین نرخی داتاکانمان بگۆڕین.

```
class calculator {
static int operation (int x ) {
return x*x*x;
    }
public static void main(String[]args) {
 Int result =operation(5);
  System.out.println(result);
   } }
```

output

125

# Final کیۆردی

- ئەم کیۆردە لەجۆری non access modifier ە.
- ئەم کیۆردە لەگەڵ میسۆد و فاریێبڵ وکلاًسەکان دا بەکاردێت .
- ئەم کیۆردە کاتێك دەڕواتە سەر فاریێبڵەکان نەگۆڕیان دەکات واتە ئەو

ئەو داتایەی لەناو فاریێبڵ و دایە جارێکی تر ناتوانین بیگۆڕین بەلاًم

بەمەرجێك لەگەڵ کیۆردی static دابێت.

- کاتێك دڕواتەسەرکلاًس ناتوانین کرداری inheritance ئەنجامبدا.
- کاتێك ئەم کیۆردە دەڕواتە سەر میسۆد ئیتر ئەو میسۆدە ناتوانی کرداری

Overridden ئەنجام بدات دواتر باسی overridden دەکەین.

```
Public class test {
Public static final int DATA = 13;
Public static void main(String[]args) {
Data =16;
System.out.println(Data);
}}
```

output

error

Output ئیرۆر دەبێ چونکەفاریێبڵەکەمان final ئەو دواتر نرخی فاریێبلّمان گۆڕیوە

# کیوۆردی abstract

.

کیوۆردی abstract لەگەڵ کلاس و میسۆدەکاندا بەکاردێت.

## کلاسی abstract

کلاسی abstract واتە ئەوە کلاسەی کە کیوۆردی abstract بەکاردێنێ.

کلاسی abstract دوو سوودی گرنگی هەیە:

1– بەنهێنی هێشتنەوەی شێوازی ئەنجامدانی کاری کلاسەکەتەنها شیوازەکە

به بەکارهێنەر پیشاندەدات وەکو کرداری ناردنی نامە.

2– ئەنجامدانی کرداری inheritance.

```
abstract class a{ }
```

⬅ شێوازی ڕاگەیاندنی

```
abstract class a{
void mag()
}}
class b extends a {
public static void main (String[]args){
obj =new b();
obj.msg();
} }
```

# میسۆدی abstract

ئەگەر میسۆد کیۆردی **abstract**ی بەکارهێناپێیدەوترێت میسۆدabstract.

میسۆدی abstract براکێتی نییە { } و لەگەڵ کیۆردی finalدا بەکارنایەت.

```
abstract class a {
    abstract void msg();
}
class b extends a {
void msg () {
    } }
```

شێوازی ڕاگەیاندنی (abstract void msg();)

- میسۆدی abstract یارمەتی کلاسی abstrac دەدات بۆئەنجامدانی کرداری Inheritance(میرات) لەناوsuperclass و subclassدا بەکاردێت .
- ئەگەر میسۆد abstract بوو دەبێت کلاسەکەش abstract
- لەمیسۆدی abstract دابراکێت بەکارنایەت وتەنها سیمیکۆلۆن(;) دادەنرێت .

تێبینی // ئەگەر میسۆدەکەمان کیۆردی abstract لەگەڵ بوو دەبێ کلاسەکەش لەگەڵی بێت بەلام مەرج نیە هەموو کلاسێکیabstract میسۆدەکەشی abstract بێ.

# ڕێساکانی ناونان Identifiers

هەموو بەشەکانی جافا پێویستیان بە ناونان هەیە, ئەم ناوانە بەکاردێ بۆ کلاس و فارێبل و میسۆد کە پێیدەوترێ Identifiers.

کۆمەڵێ خاڵی گرنگ هەیە پێویستدەکات زۆرکات لەبیرت بێت :

هەموو identifier پێویستە دەست پێبکات بە پیتی( A بۆ Z یان a بۆ z ) وە دەتوانین هێمای دراوی دۆلار ($)و underscore (_) بەکاربهێنین.

```
String 123abc;    ✗
String $abc;      ✓
String abc_wrr;   ✓
String ab.cd ;    ✗
```

بەهیچ شێوەیەك ناتوانین کیوۆردەکان لە گەڵ فاریبلەکان بەکاربێنین بەلاَم دەتوانین کەمێك کەم وزیادی پیتەکانی کیوۆردەکەبکەین یان بچووك و گەورەی بکەین.

```
int class;    ✗
int clas  ;   ✓
int Class;    ✓
```

# فارێبل Variables

فارێبڵ لەجافادا واتە ئەو شوێنەی کە داتاو زانیاری تێدا هەڵدەگیرێ.

هەموو فارێبلێك data type تایبەت بەخۆی هەیە کە گونجاوە لەگەڵیدا.

- فارێبڵەکان بەچەندین شێواز ڕادەگەیەنرێت و نرخی پێدەدرێت.

شێوازی ڕاگەیاندن

1-int a,b,c;

2-int a;

شێوازی ڕاگەیاندن و نرخ

1-int a=2,b=4,c=5;

2-int a=23:

لەجافادا دوو شێوازی درووستکردنی فارێبڵ هەیە:

1–تەنها ڕادەگەیەنرێت و نرخی پێنادرێ وەکو نموونەی سەرەوە.

2–ڕادەگەیەنرێت و نرخیشی پێدەدرێت وەکو نموونەی سەرەوە.

تێبینی// هەموفارێبلێك بەلایەنی کەم پێش بەکارهێنان دەبێ ڕابگەیەنرێت.



## سێ جۆر فارێیلمان هەیە

1-local variable

2-instanance variable

3-static/class variable

---

## Local variable

- Local variable لەناومیسۆد وکۆنستراکتەر و یان بلۆك ڕادەگەیەنرێت.
- Local variab کاتی دروست دەکرێ کەمیسۆد یان کۆنستراکتەر یان بلۆك درووست دەکرێ کاتێکیش نامێنێ کە میسوۆد یان کۆنستراکتەر یان بلۆك کوتایی پێدێت .
- Access modifier کان لەگەڵ Local vaiable بەکارنایەت.

Public static int d =12; ⟵ نموونە

- Loacal variable پێش بەکارهێنانی دەبێ نرخی پێبدرێت واتە حاڵەتی Default value لەم جۆرە فارێبلەدا ڕوونادات.

```
Public static void mag() {
    int d = 15;
```

⟵ پێش بەکارهێان نرخی پێدەدرێت

# Instance variable

- Instance variable لەناو کلاس رادەگەیەنرێت بەلأم لەدەرەوەی میسۆد وکۆنستراکتەر یان بلۆك .
- Instance variable کاتێك دروست دەکرێت کە ئۆبجێکت دروست دەکرێت کاتێك ئۆبجێکت نامێنێ instance variable یش نامێنێ.
- بەهۆی ئۆبجێکتەوە دەتوانین instance variable بانگی بکەینە ناو main method ودواتر بەکاری بهێنین.
- Instance variable ڕادەگەیەنرێت لەناو کلاس دا پێش بەکارهێنان دوای بەکارهێنان .
- له instance variable دا دەتوانین Access modifier بەکاربهێنین.
- دەتوانین instance variable بەبێ پێدانی نرخ بەکاربهێنین بەلأم بەلأم حاڵەتیdefault valueڕوودەدات دواترلەکۆنستراکتەرباسی دەکەین.

```
class stusent {
public string =”zankoy garmyan”;
public static void  mag( ) {
        } }
```

# Static /class variable

- ئەم فاریێبڵە static variable یان class variable پێدەوترێت.
- ئەم فاریێبڵە لەناو کلاَس درووست دەکرێت بەبەکارهێنانی کیۆردی بەڵاَم لەدەرەوەی میسۆد یان کۆنستراکتەر یان بلۆك.
- Static variable بەدەگمەن نرخی نەگۆڕە بەتایبەتی ئەگەر لەگەڵ کیۆردی final یان کیۆردی private هات.
- Static variable درووست دەکرێت کاتێك programدروست دەکرێت کۆتایشی پێدێت کاتێك program ەکە کۆتایی دێت یان دەوەستێ.
- Static variable دەتوانین ڕاستەوخۆ بانگی بکەین بەبێ درووستکردنی ئۆبجێکت.
- دەتوانین لەدوو شوێنی جیاواز ڕاییگەیەنین و نرخی پێبدەین.
- بەهەمان شێوەیinstance variable حاڵەتی default value لە static variable ڕوودەدات دوتر لە کۆنستراکتەر باسی دەکەین.

```
public class student {
 private static int salary ;
public static final String department =”davalopment”;
public static void main( String[]args)
salary = 1000;
System.out.println(slary+department);
          }}
```

output

davalopment

100

# Character Class

کاراکتەر کلاسەکان بەشێوەیەکی ئاسایی کار لەگەڵ داتا تایپی charدەکەن.

بە دوو ڕێگە دەتوانین کاراکتەر کلاس و کاراکتەرمیسۆدەکان بەکاربهێنین.

1– بەکارهێنانی char literal ⟵ `char m = 'd';`

2–دروستکردنی ئۆبجێکتی Character ⟵ `Character f=new Character();`

ئەوەی گرنگ بێت لێرەدا باسکردنی کومەڵێ میسۆدی ئامادەکراوە.

## کاراکتەر میسۆدەکان

1-isLetter()

2-isDigit()

3-isWhitespace()

4-isUpperCase()

5-isLowerCase()

6-toUpperCase()

7-toLowerCase()

8-toString()

بۆ هەموویان دەبێ ئۆبجێکتی character درووست بکەین.

یان پێش میسودەکە دەنووسین character دواتر . دواتر ناوی میسۆدەکە

# isLetter () کاراکتەر میسۆدی

ئەم میسۆدە بەکاردیٚ بۆئەوەی بزانین ئایا نرخەکەمان پیتە, ئەگەر پیت بوو ئەوا ئەنجام true دەبیٚت ئەگەر وانەبیٚت false دەبیٚت.

یاسایی دروستکردنی ← boolean isDigit (char m)

```
class mu {
public static void main(String[] args) {
System.out.println(Character.isLetter('c'));
System.out.println(Character.isLetter('5'));
}}
```

| output |
|---|
| true |
| false |

# isDigit() کاراکتەر میسۆدی

ئەم میسۆدەبەکاردیٚ بۆئەوەی دیاری بکەین ئایا نرخەکەمان ژمارەیە.

ئەنجامی میسۆدەکە true دەبیٚ ئەگەر نرخەکە ژمارە بیٚت, false دەبیٚ ئەگەر نرخەکە ژمارە نەبیٚت.

یاسای درووستکردنی ← Booleab isDigit (char m)

```
class  mu {
Public static void main(String[]args){
System.out.println(Character.isDigit('a'));
System.out.println(Character.isDigit('5'));
}}
```

| output |
|---|
| false |
| true |

## کاراکتەر میسۆدی isDigit( )

ئەم میسۆدە بەکاردێ بۆ دیاریکردنی '_',\t,\n ئایا نرخەکە بۆشایی تێدایە.

ئەنجامەکەtrueدەبێ ئەگەر نرخەکەبوش بێت, ئەگەر بۆش نەبوو falseدەبێ

یاسایی دروستکردنی ← boolean isWhitespace(char m)

```
 class mu {
 Public static void main(String[]args) {
System.out.println(Character.isWhitespace('a'));
System.out.println(Character.isWhitespace('  '));
System.out.println(Character.isWhitespace('\n'));
      } }
```

output

| |
|---|
| false |
| true |
| true |

## کاراکتەر میسۆدی isUpperCase()

ئەم میسۆدە بەکاردێ بۆدیاریکردنی ئایا نرخەکە پیتی گەورەیە.

ئەگەر نرخەکە پیتی گەورە بوو ئەنجام true دەبێ ئەگەر وانەبوو ئەنجامەکە false دەبێت.

یاسایی درووستکردنی ← boolean isUpperCase (char m)

isUpperCase نموونە

```
class mu {
public static void main(String[]args) {
System.out.println(Character.isUpperCase ('c'));
System.out.println(Character.isUpperCase('C'));
 } }
```

output

| |
|---|
| false |
| true |

## کاراکتەر میسۆدی isLowerCase

ئەم میسۆدە بەکاردێ بۆدیاریکردنی ئایا نرخەکە پیتی بچووکە ئەگەرنرخەکە پیتی بچووك بوو ئەنجام true دەبێ ئەگەر وانەبوو ئەنجامەکە false دەبێ.

یاسایی درووستکردنی ← boolean isLowerCase()

```
class a {
public static void main( String[]args){
System.out.println(Character.isLowerCase('c'));
System.out.println(Character.isLowerCase('C'));
}}
```

output

| |
|---|
| true |
| false |

## toUpperCase() کاراکتەر میسۆدی

ئەم میسۆدە بەکاردێت بوگەڕانەوی پیتەکە بە پیتی گەورە.

boolean toUpperCase(char m) ← یاسایی درووستکردنی

```
class mu {
public static void main(String[]args) {
System.out.println(Character.toUpperCase('a'));
System.out.println(Character.isLowerCase('C'));
} }
```

output

| |
|---|
| A |
| C |

## toLowerCase کاراکتەر میسۆدی

ئەم میسۆدە بەکاردێت بوگەڕانەوی نرخەکە بە پیتی بچووك.

boolean toLowerCase(char m) ← یاسایی درووستکردنی

```
class m {
public static void main(String[]args) {
System.out.println(Character.toUpperCase('a'));
System.out.println(Character.toUpperCase('H'));
} }
```

output

| |
|---|
| a |
| a |

# کاراکتەر میسۆدی toString

ئەم میسۆدە بەکاردێ بۆگەڕانەوەی پیتەکە وەکو خۆی ئەگەر نرخەکە گەورە بوو گەورە دەگەڕێتەوە ئەگەر بچووك بوو بچووك دەگەڕێتەوە.

یاسایی درووستکردنی ← boolean toString(char m)

```
class mhamad {
public static void main(String[]args) {
Character  obj = new Character ('a');
System.out.println(obj.toString());
System.out.println(Character.toString('H'));
}}
```

| output |
|---|
| a |
| H |

تیبینی// لەم پرۆگرامەدا هەردوو شێوازەکەم بەکارهێناوە.

OOP بەکوردی

محمد فایەق

زانستی کۆمپیوتەر– زانکۆی گەرمیان

# String سترینگ

سترینگ  لەجافادا پێکدێت لە کۆمەڵێ کاراکتەری یەك لەدوای یەك .

سترینگەکان لەجافادا دەتوانن مامەڵە بەکەن لە گەڵ ئۆبجێکت دا.

دەتوانین سترینگەکان بەکاربهێنین ئەویش بەدوو ڕێگا .

1-String literal → String m="zankoy garmyan";

2-by using object → String  m= new String("test");

نرخی سترینگەکان ناگۆڕێن بەلاَم ئەگەر ویستمان گۆڕانکاری لەنرخەکاندا بکەین دەتوانین میسۆدی ئامادەککراوی جافا بەکاربهێنین ئەم میسۆدانەش دەبنە دوو بەشەوە:

1-String Buffer

2-String Builder

.هەریەك لەم دووبەشەی سترینگە لەکۆمەڵێ میسۆدی ئامادەککراو پێکدێت

تێبینی // کاتێك ئەم دووبەشە بەکاردێنین گەر بمانەوێ گۆڕانکاری لە نرخی سترینگەکە بکەین.

# String Buffer

ئەم بەشەی سترینگە پێکدێت لەکۆمەڵێ میسۆدی ئامادەکراو:

1-append

2-reverse ← بۆ پێچەوانەکردنەوەی نرخەکە بەکاردێ

3-delete ← بۆسرینەوەی نرخەکە لەماوەیەکی دیاریکراو کەخۆمان دیاری دەکەین

4-insert ← بۆ داخل کردنی نرخێك بۆ سەرنرخی سترینگەکەمان

5-replace

---

## append

ئەم میسۆدە بەکاردێ بۆخستنەسەری نرخێك بۆسەر نرخێکی تر.

ئەم میسۆدە لەگەڵ(data typeint,double,float,char,string)بەکاردێ

append (boolean m) ← یاسای درووستکردنی

append (int m)

append (string m)

append (char m)

```
class mu {
public static void main(String [] args){
StringBuffer  obj = new StringBuffer("zankoy");
obj.append("garmyan");
    System.out.println(obj);
        }}
```

output

Zankoygarmyan

# length() میسۆدی

ئەم سترینگە بەکاردێ بۆ دیاریکردنی ژمارەی ئیندێکسەکانی نرخی سترینگەکە.

```
class mu  {
Public static void main(String [] args ) {
String   result =”zankoy garmyan”;
int  len =result.length();
System.out.println(len);
} }
```

output

13

# concat ( ) میسۆدی

ئەم سترینگە بەکاردێ بۆ پیشاندانی نرخی دوو سترینگ پێکەوە.

String 1 .concat(string 2);  ⟵  یاسای دروستکردنی

```
class mu {
public static void main(String []args) {
String d=”zankoy”;
String f=”garmyan”;
String  result = d.concat(f);
System.out.println(result);
} }
```

output

zankoygarmyan

# میسۆدی charAt( )

ئەم سترینگە بەکاردێت بۆ هێنانی نرخی ئیندێکسێکی دیاری کراو لە سترینگدا.

یاسای درووستکردنی ← charAt(int idex);

```
class mu {
public static void main(String []args) {
String  str = "Kurdistan";
System.out.println(str.charAt(3));
} }
```

output

K

# میسۆدی contentEquals()

ئەم سترینگە بەکاردێ بۆبەراوردکرنی نرخی دووسترینگ ئەگەر یەکسانن بوون ئەوا ئەنجام true دەبێ وە ئەگەر یەکسان نەبوو ئەنجام false دەبێ.

یاسای دروستکردنی ← boolean cotentEquals (strint  str)

```
Class  mu {
Public static void main(String[]args) {
String  str1="zankoy garmyan";
String str2 = "zankoy hawler";
StringBuffer  str3 =new  StringBuffer("zankoy garmyan");
boolean  result =str1.cotentEquals(str3);
System.out.println(result);
result = str2.contentEquals(str3);
System.out.println(result);
} }
```

output

true

false

# میسۆدی copyValueOf()

ئەم میسۆدە بەکاردێ بۆ گۆڕینی نرخی Character بۆ String.

یاسای دروستکردنی ← String copyValueOf(char[]ch)

```
class mu {
Public static void main(String[]args) {
char [] ch ={'g','a','r','m','y','a','n'};
String  str = " ";
str =str .copyValueOf(ch);
System.out.println(str);
        }}
```

output

garmyan

# میسۆدی copyValueOf()

ئەم میسۆدەش هەمان کرداری میسۆدی پێشوو ئەنجام دەدات بەلام لێرەدا

ماوەی گۆڕینی نرخی Character بۆ String دیاری بکەین.

یاسای دروستکردنی ← copyValueOf(char[]data,int start,int end)

```
class  mu {
public static void main(String[]args) {
char[] data ={'k','u','r','d','i','s','t','a','n'};
String str =null;
str =str .copyValueOf(data,1,6);
System.out.println(str);
        }}
```

← لە ئیندێکسی 1 بۆ 6 پیشاندەدات

output

urdist

## میسۆدی endsWith()

ئەم میسۆدە بەکاردێ بۆ ئەوەی بزانین ئایا نرخی سترینگەکە بەم نرخە کۆتایی.

ئەگەربەوەکۆتای هاتبوو کەپێی دەڵێین ئەوائەنجام true دەبێ گەروانەبوو Falseدەبێ.

boolean endsWith(String str) ⬅ یاسای درووستکردنی

```
classs mu {
public static void main (String []args) {
String str = new String (“garmyan”);
boolean result ;
result = str.endsWith(“yan”);
System.out.println(result);
result =str . endsWith(“gar”);
System.out.println(result);
}}
```

output

| |
|---|
| true |
| false |

## میسۆدی equals()

ئەم میسۆدە بەکاردێ بۆئەوەی بزانین نرخی دووسترینگ یەکسانن بەیەکتری.

ئەگەرنرخی سترینگەکانمان یەکسان بوون ئەوا ئەنجام true دەبێ یەکسانیش نەبنfalseدەبێ.

boolean equals(str) ⬅ یاسای دروستکردنی

نموونەیەك لەسەر میسۆدی equals

```
classs mu {
public static voia main (String[]args){
String str1 =new String("kalar");
String str2 =str1
String str3 =new String ("sulaymani");
boolean result;
result =str1 .equals(str2);
System.out.println(result);
result =str2 .equals(str3);
System.out.println(result);
}}
```

output

| |
|---|
| true |
| false |

## میسۆدی equalsIgnoreCase()

ئەم میسۆدە هەمان ئیشی میسۆدی پێشووتر دەكات بەڵام ئەم میسۆدە گرنگی

بە پیتی گەورە و بچووكی نادات لەنێو نرخی سترینگە تەنها یەكسان بن .

```
classs mu {
public static void main(String[]args) {
String str1 ="garmayan";
String str2 = "GARMYAN";
boolean result =str1 . equalsIgnoreCase(str2);
System.out.println(result);
}}
```

output

| |
|---|
| true |

# getChars() میسۆدی

میسۆدەبەکاردێ بۆگۆڕینی نرخی سترینگ بۆCharacterلەشوێنێکی دیاریکراو

یاسای دروستکردنی getChars(int start,int end,char[]ch , destenation begin)

```
class  mu {
public static void main(String[]args) {
String  str1 =”welcome to this tutorial”;
char []str2 =new char[7];
str1 .getChars(2,9,ch,0);
System.out.println(ch);
}}
```

واتە 7کاراکتەر دەربێنە

output

7کاراکتەرە → lcom to

# indexOf(int ch) میسۆدی

ئەم میسۆدە بەکاردێت بۆ دیاریکردنی ئیندێکسی کاراکتەرێك.

یاسای دروستکردنی int  indexOf(int ch)

```
class  mu {
public static void main(String[]args){
String str = “peshmarga”;
System.out.println(str . indexOf(‘h’));
}}
```

output

3

ئەگەر نرخەکە h تێدا نەبوو ئەنجام 1– دەبێ

# indexOf (int ch ,int fromi ndex) میسۆدی

ئەم میسۆدە هەمان کاری میسودی پێشووتر دەکات میسۆدەکە بەکاردێ بۆ دیاریکردنی ئیندێکسی کاراکتەرێك بەلام خۆمان دیاریدەکەین لەکوێوەبەدوایدا بگەڕێت.

یاسای دروستکردنی ← int indexOf(int ch ,intfrom index )

```
class mu {
public static void main(String[]args) {
String str = "kalar Kurdistan";
System.out.println(str.indexOf('s',4));
}}
```

واتەلەئیندیکسی4 بەدواوە بەدوای ئیندێکسی S بگەڕێ

output

11

ئەگەر نرخەکە S تێدانەبووئەنجام −1 دەبێ

---

# indexOf(String str) میسۆدی

ئەم میسۆدە بەکاردێ بۆ گەڕان بەدوای ئیندێکسی ستریینگێکدا بۆ ئەوەی بزانین ئیندێکسی ئەو میسۆدە لە کوێوە دەست پێدەکات.

یاسای دروستکردنی ← String (String str)

```
class mu {
Public static void main (String []arsg) {
String str1 ="bzhy peshhmargay kuurdistan";
String str2 ="peshmargay";
System.out.println(str1 . indexOf(str2);
}}
```

← نرخیstr1 لەئیندێکسی چەنەوەدەستپێدەکات لەناونرخی str2

output

5

ئەگەر کارەکە نەگونجا ئەنجام −1 دەبێ

# indexOf(String str,int fromIndex) میسۆدی

ئەم میسۆدە بەکاردی بۆدیاری کردنی ئیندێکسی سترینگییێك بەلآم خۆمان

دیاریدەکەین لە کوێوە بەدوایدا بگەڕێت.

```
class mu {
public static void main (String []args) {
 String str1 =”kalar garmyan Kurdistan”;
 String str2 =”Kurdistan”;
System.out.println(str1.indexOf(str2,12));
}}
```

لەئیندێکسی12بەدواوەبەدوای ئیندێکسیstr2بگەڕێ لەناوstr1

output

14

ئەگەرکارەکەنەگونجا یان کەموکورتی لەنرخیstr1 هەبوو ئەنجام 1− دەبێ.

# lastIndexOf(int ch) میسۆدی

ئەم میسۆدە بەکاردێ بۆدیاریکرنی ئیندێکسی کۆتا کاراکتەریکی دیاریکراو.

لەناو نرخی سترینگێك.

```
class mu {
public static void main(String []args) {
String str = “welcome to tutorialspoint.com”;
System.out.println(str.lastIndexOf(‘o’));
}}
```

واتە کۆتا O ئیندێکسی چەندە

output

27

ئەگەر str پیتی O تێدانەبوو ئەنجام 1− دەبێ

# lastIndexOf(int ch,int fromIndex) میسۆدی

ئەم میسۆدە بەکاردێ بۆگەڕان بەدوا ئیندێکسی کاراکتەرێك لەناو نرخی

سترینگێك بەلاَم خۆمان دیاری دەکەین تاوەکو کوێ بەدوایدا بگەڕێت .

```
class  mu {
Public static void main(String[]args) {
String  str =”welcome to tutorialspoint”;
System.out.println(str.lastIndexOf(‘o’,10));
}}
```

واتە تاوەکو ئیندێکسی 10 بەدوای کۆتا ئیندێکسیO دا بگەڕێ

output

8

ئەگەر نرخەکە تاوەکو ماوەکە O تیدانەبوو ئەوا ئەنجام 1– دەبێ

تیبینی // ئەم میسۆدە جیاواترە لە میسۆدی indexOf(int ch,int fromIndex)

لە میسۆدی indexOf(int ch, int fromIndex) ئەو ماوەیەی دیاری دەکەین ئیتر لەو شوێنەوە دەست بەگەڕان دەکات بەلام لە میسۆدی lastIndexOf(int ch,int fromIndex) ئەوماوەیەی دیاری دەکەین تەنها هەتاوەکو ئەوە ماوەیە بەدوایدا دەگەڕێت.

1-lastIndexOf(String  str)

2-lastIndexOf(String  str,int fromIndex)

تیبینی// لێرەدا باسی ئەم دوو میسۆدە ناکەین هەمان شێوازی  میسۆدەیەکانی پێشتر بەکاردێنین بۆ دۆزینەوەی ئیندێکسی سترینگێك.

# میسۆدی replace()

ئەمیسۆدە بەکاردێ بۆگۆڕینی شوێنی دووکاراکتەر لەناو نرخی ستریگێك.

String replace (char oldChar , char newChar) ⬅ یاسای درووستکردنی

```
class mu {
public static void main(String[]args) {
String str = "Kurdistan";
System.out.println(str .replace('k','n'));
}}
```

output

nurdistak

---

# میسۆد replaceAll()

ئەم میسۆدە بەکاردێ بۆ گۆڕینی هەموونرخی سرینگەکە بۆ نرخێکی دیکە.

String replaceAll (String str ,replacement) ⬅ یاسای دروستکردنی

```
class mu {
public static void main(String[]args) {
String str ="kalar Kurdistan";
System.out.println(str.replaceAll("kalar Kurdistan","peshmarga"));
}}
```

output

peshmarga

# میسۆدی replaceFirst()

ئەم میسۆدە بەکاردێ بۆ ئاڵوگۆڕکردنی سەرەتای نرخی سترینگەکەمان لەگەڵ نرخێکی دیکەدا.

یاسای درووستکردنی String replaceFirst(String str ,String replacement)

```
Class mu {
Public static void main(String[]args) {
String str =kalar Kurdistan";
System.out.println(str.replaceFirst("kalar","Sulaymani"));
}}
```

output

Sulaymani kurdistan

# میسۆدی split()

ئەم میسۆدە بەکاردێ بۆبەش بەش کردنی نرخی سترینگەکە.

یاسای دروستکردنی String[]split(String str,int limit)

یان String[]split(String str)

```
class mu {
Public static void main(String[]args) {
String str = "kalar – Kurdistan – karkuk";
for (String result : str.split("_",3)) {
System.out.println(result);
}}}
```

واتە بیکە 3 سێ بەشەوە

output

| |
|---|
| kalar |
| kurdistan |
| karkuk |

# میسۆدی startsWith()

ئەم میسۆدە بەکاردێ بۆ ئەوەی بزانین نرخی سترینگەکەمان بەم نرخە دەست پێدەکات کەخۆمان پێدەلێین.

ئەگەر بەو نرخە دەستی پێکردبوو ئەوا true دەبێ ئەگەر وانەبووfalse دەبێ.

String startsWith(String str, int index) ⟵ یاسای دروستکردنی

String startsWith(String str) ⟵ یان

```
class mu {
public static void main(String[]args) {
String str =”welcome to this tutorials”;
System.out.println(str.startsWith(“welcome”));
System.out.println(str.startsWith(“this”));
System.out.println(str.startsWith(“this”,11));
}}
```

واتە وشەی this لە ئیندێکسی 11 بەدواوە دەستپێدەکات

output

| |
|---|
| true |
| false |
| true |

# subsequence() میسۆدی

ئەم میسۆدە بەکاردێ بۆ دەرهێنانی کاراکتەرکانی نرخی سترینگێك لەنێوان

ماوەیەکدا کەخۆمان ماوەکە دیاری دەکەین.

یاسای درووستکردنی ← Char subSquence(int startindex,int endindex)

```
class mu {
Public static void main(String[]args) {
String str =”welcome to kalar”;
System.out.println(str.subSquence(0,10));
System.out.println(str.startsWith(3,8));
}}
```

ئەگەر ماوەکە لەگەڵ نرخی سترینگەکە نەگونجا ئەنجام −1

output

welcome to

Come to

# toCharArray() میسۆدی

ئەم میسۆدە بەکاردێ بۆ گۆڕینی نرخی سترینگ بۆکاراکتەر پیشاندانی یەك لەدوای یەك

یاسای درووستکردنی ← Char[]toCharArray()

```
class mu {
public static void main(String[]args) {
String str =”Welcome to this tutorial”;
System.out.println(str.toCharArray());
}}
```

output

Welcome to this tutorial

## میسۆدی toLowerCase()

ئەم میسۆدە بەکاردێ بۆ ئەوەی هەموو نرخی سترینگەکە بکاتە پیتی بچووك.

```
class mu {
public static void main(String[]args) {
String  str =”KAlar”;
System.out.println(str . toLowerCase() );
}}
```

output

kalar

## میسۆدی toUpperCase()

ئەم مسۆدە بەکاردێ بۆ ئەوەهەموو نرخی سترینگەکە بکاتە پیتی گەورە.

```
class  mu  {
public static void main(String[]args) {
String  str  =”kalar”;
System.out.println(str .toUpperCase() );
}}
```

output

kalar

محمد فایەق

زانکۆی گەرمیان – زانستی کۆمپیوتەر

# valueOf () میسۆدی

ئەم میسۆدە بەکاردێ بۆ پیشاندانی نرخی ناو فارێبلەکان.

```
 class  mu {
public static void main(String []args) {
Strind  str =”kalar”;
 int  h =15;
char [] ch ={‘w’,’r’,’y’,’a’};
double d =22.5;
boolean  b =true;
System.out.println(str);
 System.out.println(h);
 System.out.println(ch);
 System.out.println(b);
      } }
```

output

| |
|---|
| kalar |
| 15 |
| wrya |
| true |

تیبینی// ئەم سترینگانەی کەباسمان کرد زۆر گرنگن بۆیەگرنگی زۆری پێبدە.

# Array ئەرەی

ئەرەی لەجافادا پێکدیت لە کۆمەڵێ داتا و زانیاری کە هەمان داتا تایپیان هەیە.

Array هەمووکات لە ئیندێکسی 0 دەستپێدەکات.

## Array سوودی

1– Array بەکاردێ بۆخەزنکردن و ڕێکخستنی داتا و زانیاری.

2- دەتوانین ڕاستەوخۆ کام داتامان بوێت دەریبینین.

3– Array زۆر خێرایە لەجێبەجێ کردنی ئیشەکانی دا.

## Array بێ سوودی

Array تەنها یەك بێسوودی هەیە ئەویش ئەوەیە ئەو زانیاریانەی تێدا خەزن دەکرێت دەبێ هەموویان یەك data type یان هەبێ.

## Array جۆرەکانی

بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر Array مان هەیە:

1-single Dimensional Array

2- Multidimensional Array

# Single Dimensional Array

ئەمە جۆری یەکەمی Array کەتەنها یەك [ ] هەیە کەبەکاردێ بۆخەزنکردنی داتا و زانیاری بەشێوەی ستونی یان بەشێوەی ئاسۆی.

## شێوازی ڕاگەیاندنی Declaration

بەدوو شێواز دەتوانین ڕاببگەیەنین:

1- تەنها ڕایدەگەیەنین و قەبارەکەی دیاریدەکەین دواتر نرخی پێدەدرێ کە پێیدەوترێ instantiation.

```
Data Type [ ] name =new  Data Type[array size];
```

```
Name [0]=data1;
Name [1]=data2
Name [2]=data3;
```

2- ڕادەگەیەنرێت وڕاستوخۆنرخی پێدەدرێت پێیدەوترێ Initialization.

```
Data Type [ ]  name ={data0,data1,data2,data3,....};
```

تێبینی// لەوانیە حاڵەتی default value ڕووبدات لە شێوازی ڕاگەیاندنی یەکەمدا , کاتێك ڕوودەدات کە ئێمە قەبارەی Array کەمان 3 بیت و تەنها دوو data مان هەبێ ئەگەر ڕوویدا ئەوا ئەنجامی داتای سێیەم null دەبێ.

# Multidimensional Array

ئەمەیان جۆری دووەمی Array یە کە دوو [] []هەیەکە , بەکاردێ بۆ ڕێکخست

و خەزنکردنی داتا و زانیاری بەشێوەی ستونی و ئاسۆی.

## شێوازی ڕاگەیاندنی

ئەم جۆرە Array یەش بەهەمان شێوە بەدوو شێواز ڕادەگەیەنرێت:

1-تەنها ڕایدەگەیەنین و قەبارەکەی دیاریدەکەین دواتر نرخی پێدەدرێ کەپێیدەوترێ

.instantiation

```
Data type [][] name =new Data type[array size row][array size column]

Name [0][0]=data0;
Name[0][1]=data1;
Name[0][2]=data2;
```

2-ڕادەگەیەنرێت وڕاستوخۆنرخی پێدەدرێت پێیدەوترێ Initialization.

```
Data type[] [] name ={ {data0,data1,...},{data0,data1,..} };
```

# ئیش کردن لەسەر Array

زیاتر دەتوانین بە دوو ڕێگا ئیش بکەین لەسەر Array

1-بەکارهێنانی for loop

2-بەکارهێنانی forache (enhanced loop)

```
class  mu {
Public static  void main(String[]args) {
int [] arr ={1,2,3,4,5,6,6,7};
for (int i =0;i<=arr.lenght-1;i++) {
 System.out.print (arr[i]);
    }}}
```

output

12345667

---

یاسای درووستکردنی enhanced loop

```
for (declaration : expression) {
      //statements
       }
```

```
class  mu  {
public static void main(String [] args) {
int  [] arr ={2,4,5,7,4};
for (int  result  :  arr) {
System.out.print(result);
 }}}
```

output

24574

بۆ نموونەی زیاتر و شێوەکانی دیکە ئەتوانی خۆت بەدوایدا گەڕان بکەیت.

# کۆنستراکتەر Constructor

کۆنستراکتەرمیسۆدێکی تایبەتەبەکاردێ بۆپێدانی نرخ بە instance variable و static variable, کاتێك حالّەتی default value ڕوودەدات.

int d; ⟵ default value حالّەتی

